# تێكدان و ئاژاوە یان دەنگی بێزاری ..!

محمد جەزا بەرزنجی
jazahossain@zonnet.nl

سەیر لە چۆنیەتی خوێندنەوەی رەوشەكە و گلەیی و گازندەكاندایە بەرامبەر دەسەلآتداران یان سەركردەكان یان هەر نازناوێكی تر لەخۆ بگرن، هەر لە وردەكاری تایبەتمەندیەتی و كەسایەتیەوە بیگرە تا دەرئەنجامەكانی پەیوەندیەكانی نێوان دەسەلآتداران و جەماوەر.. رەخنە دەگیرێ و گچكە گەورە دەكرێ و كیچیان دەكرێت بە گایەك فشارێكی زۆر دەخرێتە سەریان تا بە ویستی جەماوەر گۆڕانكاریەكان برەخسێنن و پەرۆشی تەواو بن لە بەرامبەر ئەو ئەركە نیشتمانیانەی لە خزمەتی بەرژەوەندیەكانی جەماوەردان ، هەمیشە نوسینەكانی ئەو نوسەرانەی نامۆ نین بە نوسینەكانی خۆیان..!لەم تەوەرانەدا خۆیان دەبیننەوە:

تاكەی دوو حكومەتی .. هەل و مەرجەكەی ئەمڕۆ یەك حكومەتیی دەخوازێ...؟

ئاوو كارەبا لە وولآتی پڕ ئاودا بۆ میللەت دابین بكەن تا وەك خەڵكی نێو ڤێلاكانی ناوشار و قەراغ شار بژین..؟

واز لە بازاڕی مۆنۆپۆلی بهێنن و رێبدەن كێبڕكێی بازرگانی لە خزمەتی نرخ دابەزیندا بێت..؟

گەر ئێوە رێگر نەبن تەواوی سوتەمەنیەكان بە ئاسانی دەگەنە هەموو ماڵێك و پشتی سەختی زستان دەشكێت..؟

مەبنە شەریكە بەشی كۆمپانیا و كارگەكان..؟

چاوێك بە سیاسەتی پەروەردەییدا بگێڕنەوە..؟

لە بێپلانیدا خەڵكی نانبڕاو مەكەن و بزانن چۆن شەقام و كۆڵآنەكان بەسەر بازاڕەكاندا دادەخەن..؟

گارو گۆبونەوەكانتان ئاشكرا بێت..؟

ئەوە مێژووتانە و ئەوەش فایلدارەكانتان..؟

ئەوە كرێنی خوێنی قەڵەمەكان..؟

ئەوە كۆمەڵگەی مەدەنی و ئەوەش دیموكراتیەت.ئەوە دیاردە نەیارە كۆمەلآیەتیەكان . ئەوە.. ئەوە و هەزاران گلەیی و گازەندە و رەخنەی تر.

ئەم هەموو گلەییانە هەر لەو دەمانەوە لە دایك بوون كە حكومەت هێشتا ساوا بوو قۆمات كراوێكی بچكۆلە كەس نەیدەبینی .. هەستی پێنەدەكرا ..تا بە دارە دارە پێی گرت و هاتە سەر شەقام و نێو بازاڕ و بە دەرگای سنورەكانا هەڵزنا و راوە پارەی دەستپێكرد..ئەو دەم خەڵكی بینیان.. بەلآم چۆن بینینێ.. لە باتی یەكێك.. دووان بوو تومەس هەر لە سەراتاوە سكەكە دووانە بووە و شاردرابۆوە.

ئیتر خەڵكەكەش بەیعەی خۆیان دابەش كرد و ملیشیان دا بە رەوشە نالەبارەكان و ئەو قۆناغی گواستنەوەیەی هێندەی تەمەنی نوح درێژ ەی كێشاوە. پرسیارەكان لەوەدایە ئەو هۆكارانە چین خەڵكانێكی ماندوو و شۆڕشگێڕ و خۆبەختكەر و نیشتمانپەروەر دەخاتە بەر دەم رەخنەی بەردەوام و بە گژداچونەوەیان..!؟ رەعیەت بێوەفایە یان سیستەمی كۆمەلآیەتیەكە دەرهاویشتەی شێوازی بەرهەم و پێكهاتەی سەرخانەكانی قۆناغەكەیە.دەبێت رەخنە گران ئەو پرسیارە لە خودی خۆیان بكەن، ئایا رەوتی قۆناغەكە بەرەو كوێ مل دەنێ؟ چ جۆرە سیاسەتێكی ئابوری پەیڕەو دەكرێت؟ ئەو گەشەكردنی سەرمایەداری بازرگانیەی تاوی ئەسپی خۆیداوە و كاری مۆنۆپۆڵی دەسەلآتداران لە بازاڕدا چ دەرئەنجامێكی لێدەكەوێتەوە لەم رەوشە زیاتر. ورد بڕوانن بزانن چۆن كاردانەوەی شێوازەكەی لەمەڕ خۆمان ..لە كەڵەكە كردنی سەرمایە و بازاڕی سەرمایەداری چ رەنگدانەوەیەكیشی هەبووە لەسەر دانوستانەكانی

بەغدا و دەستور و هەموو ئەو مافانەی ساڵەهایە خەباتی بۆ دەکرێت، گەلی براینە تا پێشبڕکێی کەڵەکە کردنی سەرمایە نەگاتە ئاستێکی بەرزی وا بە گەڕخستنەوەی مسۆگەر تر بێت و ئەو دەسەڵاتدارانە واز لە سیاسەت نەهێنن یان هیچ نەبێت سیاسەت و پلانەکان شێوازێکی هەڕەمی سەرەو خواری نەبێت لەو قوڕە هەر ئەو تۆزە هەڵدەستێت و کەس لەکەس دەبێ و شارە جوانەکانمان لە تۆزدا غەرق دەبن و ڕێپێوان تەقەی بە سەر و بەناوا دەکرێ و مافەکان تاڵان فرۆش دەکرێن و زەوی بەماچ دابەش دەکرێ و شەهید گومانی لەسەر دروست دەبێ و سیمای تێکۆشەری دێرین وەك هێڵکانی بەری دەستی کریکارێکی ماندوو دەسڕێتەوە و هەلپەرستان و ماستاوچیان جێیان دەگرێتەوە، دەرئەنجامیش بۆچونە دەرونیەکان هەڵوێستی سەیری دوژمنکارانە و بێ بایەخی لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا بەرهەمدێنن.. ئا لەم رەوشەدا هەڵچونی هەڵوێستەکان چۆن عەقلانی و هێمن دەبن. .!؟ باسی خێزانی شەهیدێکیان بۆ کردم دوای ئەوەی رێزلێنانی شەهیدانەیان بۆ کراوە بە حوکمی قادر شەهیدانەکەیان بڕاوە گوایە شەهیدەکەیان شەهیدی تەواو نەبووە پاش ئەوەی بەڵگەنامەکان کەوتنە قسە داوای لێبوردنیان لێکرا و جارێکی تر پێیان دانەوە و چەند مانگێکیشیان شەهید بوو..!ووتیان پۆلیسێك لە رێپێوان و مانگرتنی سایەقاکاندا بووە و ئەو جۆرە کارانە کارێکی تێکدەرانە و ئاژاوە نانەوەیە، دەبێت وردەکاری ئەم روداوە چی بێت ، ئەمرۆ بەتەنیا وەك باوە تیرۆریستان تێکدەر و ئاژاوە چین گەر ئەو پۆلیسە سەر بە گروپە تیرۆریستەکان بێت ، کاری تیرۆریستی لە رێپێوان و مانگرتندا خۆی نابینێتەوە.. خۆگەر ئەوان بن بە مانای کارو چالاکی تیرۆریستان دەرهاویشتەی سیفاتەکانی کۆلگەی مەدەنییە و دەبێت رێزیان لێبگیرێت..!چەند تێکدەر و ئاژاوە چیەك تێکەڵ بە رێپێوانەکەی کەلار بوون و ئاژاوەیان نایەوە.. !سەیر لەوەدایە لە هەڵچونی دەم پچڕانی پردی تەحەمول و تورەبوون مۆری ئاژاوە گێڕی دەنرێت بە تەویڵەوە، لەکاتێکدا فەسادی ئیداری و پایە و پلە ئیستیغلال کردن و خۆ جیاکردنەوە لە شێوازی ژیانی جەماوەر و نا عەدالەتی دابەشکردنی ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و دەست درێژکردن بۆ سەر ناموسی خەڵك و تاکڕەوی لە بڕیاردان و پێشێلکردنی مافی خەڵکانی ماندوو و خەباتگێڕ و گەندەڵی سیاسی و ئابوری و بەڕێوەبردن و راگەیندن وباڵادەستی تەزکیەی حیزب و واسیتە و دەستدرێژکردن بۆ سەر مافی گشتی و زیادە مەسرەفی و جیاوازی لە جێبەجێکردنی یاسا و بە رتیل و غەدرکردن لە بێدەسەلاتان و خزم خزمێنە و نەپرسینەوە و ..تاد، ئەمانە هیچیان ئاژاوە گێڕی نین و دەچنە بەرەی نیشتمانپەروەریەوە. بێزاریەکان لە هەڵچونی چەند کەسێکی سەر شەقامەکانەوە نیە بەتەنیا، لە خودی پارتە حوکمدارەکاندا دەنگی نارەزایی بڵند بووە و داوای چاکسازی دەکرێت تا کەم وکوڕی و گەندەڵیەکان نەمێنێ و کارو دەسەلات بدرێتە دەست خەڵکانی شیاو و پەرۆش بە رەوشەکە، بێزاریەکان هێند زۆر بوون بە ئاشکرا لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا دەنگی گۆڕانگاری جیدیان بەرز گردۆتەوە،هەرچەند ئاشکرا نیە لام تەرحی ئەم چاکسازیە لۆسەریە یا شێوازی پرۆتستانتی یان وەك بزوتنەوەی ژیانەوەیە بە شێوازێکی مرۆڤانەوە، بە هەر حاڵ پرسیار لەمەدایە دەبێت ئەم خەڵکە پەرۆشەش بە ئاژاوە گێڕ و تێکدەر دابنرێن..؟

ئەو رەخنە و هەڵوێست وەرگرتنانە لە جێی خۆی دایە و بوونی لە نەبوونی باشترە ، بەڵام رەوشەکە زیاتر ئەوە دەخوازێت بە ئاشکرا لە بەر رۆشنایی رێبازێکی فەلسەفی فشارەکان جێبەجێ بکرێن.